نووسینگەی سیستانی: هیوادارین سەید موجتەبا خامنەیی لە خزمەتکردنی گەلی ئێران سەرکەوتوو بێت



ئەمە چوارشەممە،نووسینگەی مەرجەعی باڵای ئایینی، سەید "عەلی حوسەینی سیستانی" هیوای خواست کە ڕێبەری نوێی ئێران، سەید موجتەبا خامنەیی، لە خزمەتکردنی گەلی ئێراندا سەرکەوتوو بێت.

نووسینگەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، تیایدا ڕایگەیاندوە : لەکاتێکدا یادی ڕێبەری کۆچکردووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایەتوڵڵا سەید خامنەیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەکەینەوە، هیوای سەرکەوتن و پشتیوانی بۆ جێگرەوە بەڕێزەکەی (خودای گەورە بیپارێزێت) دەخوازین لە خزمەتکردنی گەلی مەزنی ئێران،و دوورخستنەوەی شەڕی خراپەکاران، و پاراستنی یەکێیزی و تەبایی نیشتمانی.